# بنەماکانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک و بەکارهێنانی لە کۆمەڵناسیدا

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرای قوتابی (عثمان برایم حمد) لە بەشی کۆمەڵناسی/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، بە ناونیشانی " پەروەردەی ژینگەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا" بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. هەتاو کریم خدر )

**پ. ی. د. هەتاو کریم خدر [1]** **عثمان برایم حمد[2]**

[1]بەشی بازاڕگەری نێودەوڵەتی و زمان، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

[2]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە**

میتۆد گرنگترین بنەمای توێژینەوەی زانستییە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئاشنا بوونە بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک و بەکارهێنانی لە کۆمەڵناسیدا. هەروەها دەرخستنی تایبەتمەندی و بوارەکانی بەکارهینانی، وە زانینی جۆری ئەم میتۆدە و چەندێتی یاخود چۆنێتی. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاری چۆنێتییە. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، توێژەران میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکار هێناوە. لە ئەنجامدا توێژەر گەیشتووە بەوەی؛ شیکاری ناوەڕۆک یەکێکە لە گرنگترین تەکنیکەکانی توێژینەوە کە تایبەتمەندە بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵناسیش وەکو یەکێک لەو زانستانە لێی سودمەند بووە و توێژەرانی بەکاریان هێناوە. ئەو میتۆدە شیکارییەکی سیستماتیکی دەقە. دەقەکان لە هەر کام (کتێب، گۆڤار، نامە، کۆبوونەوە، بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، وەرگێڕانی چاوپێکەوتن و نووسینی مەیدانی، فیلمەکاندا ) بێت. سەبارەت بە جۆری ئەم میتۆدە دوو ئاڕاستە هەیە، ئاڕاستەیەک وەکو میتۆدێکی چەندێتی سەیر دەکەن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە وەسف دەکات بەشێوازی چەندێتی و زمانی ژمارە بەکار دێت تێیدا. ئاڕاستەیەکی دیکە پێی وایە؛ میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک میتۆدیکی چۆنێتییە، چونکە شیکاری تێکستەکان و پەیوەندیان لە چوارچێوەی دەقەکاندا دەکات، لەسەر پرسیارەکان دەوەستێت. لە کۆتاییدا توێژەران چەند پێشنیارێکیان خستووەتە ڕوو ئەوانیش بریتین لە؛ گرنگیدانی زیاتر بەم میتۆدە لە لایەن توێژەرانی کورد، لە زانکۆکانیشدا لە پاڵ میتۆدەکانی تردا خوێندکاران ئاشنا بکەن بەم میتۆدە. وە ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم میتۆدە و بەم میتۆدە.

وشە کلیلیەکان: میتۆد، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک، دەق، کۆمەڵناسی.

## پێشەکی

میتۆد گرنگترین بنەمای توێژینەوەی زانستییە، بە واتایەکی تر توێژینەوەی زانستی بەبێ بەکارهێنانی میتۆد بە ئەنجام ناگات. چونکە میتۆد لیلی و ئالۆزی تێگەیشتن لە بابەتی توێژینەوە لادەبات و بەرچاوی توێژەر ڕۆشن دەکات بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕاست و ورد. میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکیش یەکێکە لە میتۆدە زانستییەکان، بۆ شیکردنەوەی ناوەڕکی دەق و نوسراو، پەیام و وتار، کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن، وێنە و فیلم میتۆدێکی زانستی گونجاوە.

بەکارهێنانی ئەم میتۆدە و گرنگیپیدانی وەکو ڕێبازێکی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، سەرەتا لە بواری ڕاگەیاندندا بەکار هاتووە، دواتر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا گرنگی پەیدا کرد. لە سییەکانی سەدەی بیستەمیشدا لە لایەن

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 ( 2023 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 سبتمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

تویژەرانی کۆمەڵناسی گرنگی زۆری پێدرا و بە بەرفراوانی لە توێژینەوە رووپێوی و راپرسییەکان بەکاریان هێناوە و سودیان لێوەرگرتووە.
لەم توێژینەوەیە هەوڵدەدرێت تێگەیشتنێک بۆ ئەم میتۆدە و تایبەتمەندی و بەکارهێنانی لە کۆمەڵناسیدا بخرێتە روو.

**یەکەم: رەهەندەکانی توێژینەوە:**

**١- کێشەی توێژینەوە:**

بەکارهێنانی میتۆد لە توێژینەوەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕاست و ورد گرنگترین بنەمایە، بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵە و بابەتییانە خستنەڕووی ڕاستییەکان لەسەر ئەو دیاردە یاخود ئەو بابەتەی توێژینەوەی لە بارەوە دەکرێت. بۆ تێگەیشتن و دەرخستنی ڕاستییەکان و گەیشتن بە ئەنجامی ورد لەسەر هەر بابەتێکیش پێویستە توێژەر میتۆدی گونجاو و ڕاست بەکار بهێنێت، چونکە بۆ هەر توێژینەوەیەک دەشێت میتۆدێک لە میتۆدەکانی تر ڕاست و گونجاوتر بێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی. میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک کە وەکو میتۆدێکی گرنگ لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنرێت، بۆ شیکردنەوەی دەق و نوسراو، پەیام و وتار، پرۆگرامەکانی خوێندن، وێنە و فیلم میتۆدێکی زانستی زۆر گونجاوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە توێژینەوە کوردییەکاندا زۆر کەم کاری لەسەر کراوە.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:

- ئاشنابوون و ڕوونکردنەوەی گرنگی ئەم میتۆدە لە توێژینەوەی کۆمەڵناسیدا.
- کێلگەی کارکردنی ئەم میتۆدە چییە؟
- تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە چییە؟
- سەر بەکام جۆری میتۆدە؟

**٢-گرنگی توێژینەوە:**

میتۆد یاسا و ڕێسای ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستییە، ئەمەش واتا گرنگی میتۆد لە توێژینەوەی زانستیدا بێ چەند و چوونە. زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش میتۆد گەلێکی تایبەت بە خۆیان هەیە کە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان پشتیان پێدەبەستن، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکیش یەکێکە لەو میتۆدە گرنگانەی کە لە بواری کۆمەڵناسیدا پشتی پێ دەبەسترێت.
گرنگی ئەم توێژینەوەیەش خۆی دەبینێتەوە لە:
أ- خستنە ڕووی زانیاری گرنگ دەربارەی ئەم میتۆدە بە مەبەستی ئاشنابوونی زیاتری توێژەرانی کورد بەم ڕێبازە زانستیە.
ب- لە ڕووی پراکتیکیشەوە سودی هەیە لە ئاشناکردنی توێژەرانی خۆمان (کورد) لە بواری کۆمەڵناسیدا، وە بۆ توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تریش، هەموو ئەوانەی کار لەسەر (دەق و نووسراو، وتار، پەرتووک، ڕۆژنامە، گۆڤار، شیعر و هۆنراوە) دەکەن. لە چۆنییەتی بەکارهێنان و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی

**٣- ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

أ- ئاشنابوون بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک و گرنگییەکەی وەکو میتۆدێکی زانستی وبەکارهێنانی لە کۆمەڵناسیدا.

ب- ئاشنابوون بە تایبەتمەندی و جۆرەکانی ئەم میتۆدە.

ج- ئاشنابوون بە شێواز و چۆنێتی بەکارهێنانی.

**دووەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە:**

**١- میتۆد (method):** لە توێژینەوەی زانستیدا میتۆد بنچینە و پێویستییەکی گرنگە، کە تووێژەر ئاراستە دەکات و پێوەی پابەند دەبێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕاستەقینە لەهەمبەر ئەو بابەتە، دیاردە، یان کێشەیەی توێژینەوەی دەربارە دەکات. ڕاستێتی هەر توێژینەوەیەکی زانستیش پەیوەستە بەو میتۆدەی توێژەر بەکاری دەهێنێت. توێژەر سەربەست نییە لە بەکارهێنانی ڕێگاکان یاخود هەر میکانیزمێک ئارەزوومەندانە هەڵیبژێرێت (عبدالجواد، ٢٠٢٠، ٤٥). ئەمەش واتا میتۆد بنچینەی توێژینەوەی زانستییە و جۆری دیاردەکە یاخود کێشەکە کە توێژینەوەی دەربارە دەکرێت بڕیار لەسەر جۆری میتۆد و میکانیزمی ڕاست و پێویست بۆ گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و ورد دەدات.
مەبەست لە میتۆدیش؛ کۆمەڵێک یاسای ڕێکخراوە لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی لە کاردا. یاخود ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر لەسەر دەڕوات لە لێکۆڵینەوەی کێشە یاخود دیاردەیەک، بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان (بوحوش و الذنيبات، ٢٠٠٧، ١٠٣). وە دەکرێت بڵێین ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستییەکانە لە زانستەکاندا بەهۆی کۆمەڵێک یاسای گشتی کە باڵادەستی دەسەپێنێت لە سەر بنەمای ژیربێژی و دیاریکردنی کارەکانی بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕوون.
ئینجا لەبەر ئەوەی میتۆد ڕێکخراوە و کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا لە خۆ دەگرێت، بۆیە گرنگیشە توێژەر پابەندی قۆناغەکانی میتۆدی توێژینەوە بێت، تاکو لە لایەک ئەنجامەکان ورد و زانستی بن، لە لایەکی ترەوە یارمەتی توێژەر بدات کاتی کەمتری پێویست بێت، کەمتریش ماندوو دەبێت، و بەرچاو ڕوونی زیاتریشی دەبێت.

**٢- میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک (Content Analysis Method):** شیکاری ناوەڕۆک ڕێبازێکی زانستییە و ڕەنگە بۆ بەشێک لە توێژینەوەکان گونجاوترین و ڕاسترین میتۆد بێت بۆ توێژینەوەکردن دەربارەی پرسێک. میتۆدێکە دەشێت یارمەتی توێژەری کۆمەڵناسی بدات لە توێژینەوە جۆروجۆرەکاندا، دەشێت لە تێبینی کردنی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و تێگەیشتن لێی، ئەوەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەوەی دەینووسن یاخود دەیڵێن، چونکە توێژەری کۆمەڵناسی لەوە تێدەگات کە شێوازی پەیوەندیگرتنی تاکەکان کاریگەری لەسەریان

دەبێت و دەکەونە ژێر کاریگەری و ئەوانیش کاریگەرییان لەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی دەبێت.

بە درێژایی مێژووی ئەم میتۆدە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراون، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە کۆڕایی هەیە (ضیغمی ودیگران، ١٣٨٧، ٤٣) بێریلسۆن وەکو یەکەمین کەس بەم جۆرە پێناسەی کردووە؛ شێوازێکی توێژینەوەی زانستییە، ئامانجی وەسفێکی بابەتی ڕێکخراو و چەندییە بۆ پێکهاتەی دیار و بوونی ئەو دیاردەیەی لێکۆڵینەوەی دەربارە دەکرێت (Krippendorff, 2004, 190). لاسوێلیش وای دەبینێت کە شیکاری ناوەڕۆک ئامانجی وەسفێکی ورد و بابەتییە بۆ ئەوەی وتراوە دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراودا. (الدليمي و صالح ، ٢٠١٤، ١٦١). لە هەمان کاتدا لە پێناسەیەکی تردا هاتووە: میتۆدێکە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرهەمێک، هەندێک وەکو ڕێبازەکانی شیکاری گێڕانەوەیی دەیناسێنن، ئامانجەکەی بریتییە لە هەڵکۆڵینی ناوەڕۆکی شاردراوەی تێکستێک (محمدپور ، ٢٠١٣، ١٤٨).

کەواتە دەکرێت بڵێین کە شیکاری ناوەڕۆک: میتۆدێکی زانستییە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەق، بابەت، بەڵگەنامە، یاخود کتێبێک، بە ئامانجی گەیشتن بە شرۆڤە و شیکاری ورد و ڕاست دەربارەی کێشە یاخود دیاردەیەک و بوونی لەناو ئەو تێکست، دەق، کتێب، یاخود بەڵگەنامەیەدا کە شیکاری ناوەڕۆکی بۆ دەکرێت.

**٣- کۆمەڵناسی (Sociology):** دیدگا جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسی وای کردووە پێناسەکانیشی فرە بن، هەر یەک لە ڕاوانگەی خۆیەوە پێناسەی بکات. دەشێت یەکێک لە گرنگترین ئەو پێناسانەی بۆ کۆمەڵناسی کراون پێناسەکەی پرۆفیسۆر (مۆریس گینزبێر) بێت کە دەڵێت: "کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە لە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و فاکتەرەکان و دەرەنجامەکانی دەکۆڵێتەوە، ئەو لێکۆڵینەوەیەش چەند ئاستێکی جیاواز لەخۆ دەگرێت،وەک پەیوەندی نێوان تاکەکان و گروپەکان و کۆمەڵگە خۆجێیی و گەورەکان" (ئەلحەسەن، ٢٠١٢، ٤٣٧).

## سێیەم: سەرهەڵدان و جۆر و تایبەتمەندی و بوارەکانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک.

### ١-کورتە مێژوویەکی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک:

شیاکاری ناوەڕۆک یەکێکە لە میتۆدە قورس و وردەکان کە سودی زۆری هەیە بۆ دەستکەوتنی وەڵامی پرسیاری توێژەران. زۆربەی ئەو توێژینەوانەی پشتی پێ دەبەستن بریتین لە بەڵگە یاخود بابەتێکی پەیوەندیداری بەردەست لە تۆمار و کتێبخانە، کارە هونەری و ویژەییەکان، وتار، پەیام و نامە، پرۆگرام و کتێب، ڕۆژنامە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەکانی زانیارین کە توێژەر خۆی هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی (عماد، ٢٠٠٧، ٨٤). سەرەتا گرنگی شیکردنەوەی ناوەڕۆک وەکو میتۆد و ئامرازی توێژینەوە لە ڕاگەیاندندا دەرکەوت، بەڵام دواتر توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بە گرنگی ئەم میتۆدەیان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان زانی و بایەخیان پێدا (ئەبراش، ٢٠١٣، ٢٤٣).

لە ماوەی دەیەی بیستەمدا و هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی زانست و هونەرە جۆراوجۆرەکان، بەکارهێنانی شێوازی شیکاری ناوەڕۆک بە شێوەیەکی بەرچاو فراوانتر بوو. لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا، شیکاری ناوەڕۆک تەنیا لە پشکنینی پەیامەکانی پەیوەندیکردندا سنووردار بوو کە لە چاپەمەنیدا بڵاودەکرانەوە. بەڵام لەگەڵ بوونی ڕادیۆ و میدیا بەهێزەکانی دواتری تەلەفزیۆن، ئەم شێوازە وردە وردە لە شیکردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ- تەلەفزیۆندا بەکارهێنرا. هاوکات لەگەڵ فراوانبوونی میدیاکان، پانتایی شیکاری ناوەڕۆک لە زانستەکانی پەیوەندییەوە بۆ بوارەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەش زانستە سیاسییەکان، ئەدەبیات، مێژوو، کۆمەڵناسی، زمانەوانی، دەروونناسی و دەروونشیکاریش کێشراون و ئەمڕۆ لە زۆربەی بوارەکانی زانستەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێن (محمدی مهر، ١٣٨٨، ٥٦). ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش گرنگی زیاتر دەبێت، هۆکاری ئەمەش ئەو ئەگەرەیە کە پێشکەشی دەکات بۆ شیکاری بەردەوامی زانیارییەکان و سەرنجی قووڵتر و وردتر.

سەرەتای گرنگیدان بە شیکاری ناوەڕۆک و بەکارهێنانی وەک ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەڕاستی سییەکانی ئەم سەدەیەدا دەستی پێکرد، کاتێک هەردوو زانا **گرای (Gray) و لێری (Leary)** لە ساڵی ١٩٣٥ی زایینیدا شێواز و پێوەرێکی تایبەتیان بۆ ئەوە داناوە (عبيدات وآخرون، ٢٠١٥، ص١٣١). وە هەر لە سییەکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵناسان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی بەرفراوان لە توێژینەوە ڕووپێوی و ڕاپرسییەکان. ئەو ئەزموونەی کە لە شیکردنەوەی ڕای گشتیدا بەدەستیان هێنا، بووە هۆی ڕەچاوکردنی کێشە میتۆدۆلۆژییەکانی شیکاری ناوەڕۆک، کە لە لایەن **(وود وارد)**ەوە لە وتارێکی ساڵی ١٩٣٤دا بە ناونیشانی "شیکاری ناوەڕۆکی چەندایەتی ڕۆژنامە وەک تەکنیکێکی توێژینەوە لە بیرورا بڵاوکرایەوە. لە نووسینەکانی سەبارەت بە ڕای گشتی، گرنگیدان بە چەشنە ستێریۆتایپە کۆمەڵایەتییەکان چووە ناو شیکاری پەیوەندییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر، بۆ نمونە لە لێکۆڵینەوەیان لە بابەتگەلێکی وەک چۆنیەتی باس لە ڕەشپێستەکان دەکرێت لە بڵاوکراوەکانی فیلادلفیادا، یاخود چۆن کتێبە دەرسییەکانی ئەمریکا باسی ئەو جەنگانە دەکەن کە ئەمریکا بەشداری تێدا کردووە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کتێبانەی کە لەو وڵاتانەدا بڵاوکراونەتەوە کە پێشتر دوژمنی ئەمریکا بوون ، یاخود چۆنێتی باسکردنی ناسیۆنالیزم لە کتێبەکانی منداڵاندا کە لە ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بڵاودەکرانەوە (Krippendorff, 2004, 6).

گرنگی ئەم میتۆدەش بە تەواوی لە ساڵی ١٩٥٢ دەرکەوت دوای ئەوەی بێرنارد بێرلیسۆن کتێبە بەناوبانگەکەی دەربارەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بڵاو کردەوە (ئەبراش، ٢٠١٣، 304). لە بواری پەروەردەشدا لە بواری تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەدا بەکاردەهێنرێت. بلوم (Bloom)یش بەشداری کارای لە ئاسانکاری کرد لە شیکاری ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن، کاتێک لە ساڵی ١٩٥٦ هەستا بە

بڵاوکردنەوەی پۆلێنبەندییەکانی بۆ ئامانجە مەعریفییەکان کە دابەشی کردن بۆ ئامانجە ویژدانی و دەروونجووڵەییەکان (عبیدات وآخرون، ٢٠١٥، ١٣١). واتا لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە کارکردن بەم میتۆدە برەوی سەند و گرنگی لە بواری توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانیش زیاتر بوو.

## ٢- میتۆدی شیکاری ناوەرۆکی چەندێتی یاخود چۆنێتی؟

سەبارەت بەم میتۆدە دوو ئاراستەی جیاواز هەن، لە میتۆدی شیکاری ناوەرک، ئاراستەیەک کە پێی وایە میتۆدی شیکاری ناوەرۆک زیاتر میتۆدیکی چۆنێتییە و ئاراستەیەکی تریش پێی وایە میتۆدێکی چەندێتییە. بەڵام هەردوو ئاراستەکە کۆکن لەسەر ئەوەی؛ وشە و بابەت و چەمکەکانی ناو دەقەکە پۆلێن بکرێت یان "کۆد" بکرێت، پاشان ئەنجامەکان شیکاری بکرێت. توێژەران هەوڵدەدەن لێرەدا بە کورتی تێڕوانینی هەردوو ئاراستەکە بخەنە ڕوو:

### أ- میتۆدی شیکاری ناوەرۆکی چەندێتی:

ئەم شێوازە وەک لە لایەن **بێرلیسۆنەوە** ئاماژەی پێکراوە، تەکنیکێکی توێژینەوەیە بۆ وەسفکردنی بابەتیی و سیستماتیکی و چەندایەتیانەی ناوەرۆکی ماددەکە. **کرلینگەریش** وەک شێوازێکی سیستماتیک و بابەتیی و چەندایەتی بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکان (پێوەرەکانی توێژینەوەی چەندایەتی) و شیکردنەوەیان ناساند (ایمان و نوشادی، ٢٠١١، ١٩). هەروەک لە پێناسەکردنیان بۆ ئەم میتۆدە دەردەکەوێت.

**کێرلینگەر** بەم جۆرە پێناسەی دەکات (میتۆدی توێژینەوەکردن و شیکردنەوەی پەیوەندییە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بابەتی و چەندێتی بە ئامانجی پێوانەکردنی گۆڕاوەکان) (ئەبراش، ٢٠١٣، ٣٠٧). **بێرلیسۆنیش** لە پێناسەکردنیدا وا نیشانی دەدات کە پراکتیزەکردنی میتۆدی شیکاری ناوەرۆک پەیوەستە بە وەسفکردنی دیاردەکە بە شێوازی چەندێتی، پێویستە لەم شێوازەدا زمانی ژمارە بەکار بهێنرێت (زێباری، ٢٠١٨، ١٠٨).

هەروەها **سەمیر محمد حسێن** لە کتێبی (شیکردنەوەی ناوەرۆک)دا بە ئامراز و شێوازی توێژینەوەی زانستی پێناسە دەکات کە توێژەران دەتوانن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەکاری بهێنن، مەرجی بابەتیبوونیشی ئەوەی کە پرۆسەی شیکردنەوەکە سیستماتیک بێت، دەبێت توێژەر پشت بە شێوازی چەندێتی ببەستێت بە شێوەیەکی سەرەکی (ئەبراش، ٢٠١٣، ٣٠٦).

کەواتە ئاراستەیەک وەکو میتۆدێکی چەندێتی سەیری میتۆدی شیاری ناوەرۆک دەکەن، ئەوەش بەرمەبنای ئەوەی کە وەسف دەکات بە شێوازی چەندێتی و زمانی ژمارە بەکار دێت تێیدا.

### ب- میتۆدی شیکاری ناوەرۆکی چۆنییەتی:

ئەم ئاڕاستەیە پشت دەبەستێت بە شیکاری دەقەکان بە شێوازی کلاسیک. تیشک دەخاتە سەر زنجیرەی ژیریێژی و شیکاری ئاوەزی (عقلانی) بەڵگەنامەکە، کە هزر (فکر) ە سەرەکییەکەی لێدەردەهێنرێت، و هزرە سەرەکی و لاوەکییەکانیش تێیدا جیا دەکرێتەوە، بە لەبەرچاو گرتنی دووبارەبوونەوەی ئەو هزر (افکار)انە، ئەوەی گرنگە لێرەدا پێگەکەیەتی لە پێکهاتەی دەقەکەدا (عماد، ٢٠٠٧، ٨٤).

لە سەرەتادا توێژەران زیاتر شێوازی چۆنایەتییان بەکارهێناوە، بەڵام لەم سەردەمەدا کارکردن بە شێوازی چۆنایەتی کەمتر بووەتەوە. زانیارییە چۆنایەتییەکان لە ڕێگەی شێوازی جۆراوجۆرەوە کۆدەکرێنەوە، هەندێک لەو شێوازانە بریتین لە: تێبینی مەیدانی، چاوپێکەوتن، بەڵگەنامەی توێژینەوە، نامە، دەقی چاپکراو، قسەکەر و کەسایەتییە سیاسییەکان، دۆسیەی دادوەری و فۆرمی هەمەچەشنی تر. ئەو ڕێژەی کە توێژینەوەی چۆنایەتی بەڕێوەدەبات، زیاتر پۆزەتیڤیستی و لێکدانەوەیە. بۆیە یەکێک لەو شتانەی کە پێویستە لە شیکاری ناوەرۆکی چۆنایەتیدا لەبەرچاو بگیرێت، دیاریکردنی چوارچێوەی تیۆری شیکاری داتاکانە. بۆیە سەرەتا توێژەر پێویستی بە چوارچێوەیەکی تیۆری هەیە بۆ ئەوەی گریمانە و گۆڕاوەکانی لەسەر بنەمای ئەوە دیاری بکات، دواتر هەوڵ دەدات میتۆدێک بخاتە ڕوو کە گونجاو بێت بۆ شیکردنەوەی داتاکان (رضوانی، ٢٠١٠، ١٤٧).

**مایرین (Mayring)یش** پێیوایە میتۆدی شیکاری ناوەرۆک شێوازێکی ئەزموونییە، شیکاری تێکستەکان و پەیوەندییان لە چوارچێوەی دەقەکاندا دەکات، لەسەر پرسیارەکان دەوەستێت، کە توێژەر هەڵیاندەبژێرێت، بۆیە میتۆدێکی چۆنێتییە (Drisko, & Maschi, 2016, 5) هەروەها بە بڕوای **تێکهارت و ئێرمانیش** (1977)، وەک تەکنیکێکی چۆنایەتی، شیکاری ناوەرۆک بەرەو زانیارییە کەسییەکان وەک هەڵوێست، پاڵنەر، بەهاکان ئاراستە دەکرێت، واتا توێژەر ڕۆڵی هەیە لە ئاڕاستەکردنی زانیارییەکان. لەوانەیە ناوەرۆکەکە ئاشکرا بێت یان شاراوە بێت. یەکەمیان ئاماژەیە بۆ بەشە ڕاستەقینەکانی بینراوی دەقەکە وەک لە بەڵگەنامە و ڕستە و بڕگەکان و هتد...دا دەردەکەوێت. دووەمیان ئەو مانایە بنەڕەتییە یان واتایە کە دەگەیەنرێت لە دەقەکاندا (Mahesh C, & Others, 2011, 24).

لەگەڵ ئەوەی ئاماژەمان بە هەردوو ئاڕاستە کرد بە جیا، بەڵام **کریپێندروف** پێی وایە کە چەندێتی پێوەرێکی پێناسەکەر نییە بۆ شیکاری ناوەرۆک، دەق هەمیشە چۆنایەتییە لە سەرەتادا، پۆلێنکردنی یەکە دەقییەکان بە سەرەتاییترین فۆرمی پێوانەکردن دادەنرێت. ناوەرۆکی دەبێتە وەڵامگۆی زارەکی بۆ پرسیارەکانی توێژینەوە، بە بەکارهێنانی ژمارە لەبری پۆلێنی یەکە زارەکییەکان یاخود ژمێرە لە بری لیستکردنی وشە و دەقەکان مەرج نییە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی دروست بۆ پرسیارێکی توێژینەوە. ئەو لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا بە ناوی شیکاری ناوەرۆک ( Content Analysis)دا پێی وایە؛ جیاکردنەوەی چەندایەتی/چۆنایەتی هەڵەیە، هەردووکیان بۆ شیکردنەوەی دەقەکان سود لەیەکتر وەردەگرن، و پێویستن بۆ ڕوونی و بابەتێتی لە چارەکردنی زانیارییە زانستییەکان لە لایەکەوە، وە گونجاوی ئەو ڕێکارانەی کە

بەکاردەهێنرێن بە بەراورد بە چوارچێوەیەکی هەڵبژێردراو ( Krippendorff, 2004, 6).

کەواتە بەشێک لە زانایان و شارەزایان میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بە میتۆدێکی چەندێتی دادەنێن، هەندێکی تریان بە پێچەوانەوە بە میتۆدێکی تەواو چۆنێتی دادەنێن، بەڵام ئەوەی گرنگە هەردوو شێوازە چەندایەتی و چۆنایەتییەکان لە شیکاری ناوەڕۆک لە توێژینەوەکاندا ئامادەییان هەیە. وەکو میتۆدێکی زانستی ئاسانکاری کردووە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکاری بەڵگەنامە، وتار، ڕۆژنامە و گۆڤار، پەرتوک و پرۆگرامەکان، هەر دەقێکی نووسراو بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان لەسەر ئەو بابەتەی کە توێژینەوەی دەربارە دەکرێت.

**٣- تایبەتمەندییەکانی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک"**

شیکاری ناوەڕۆک بە شێوازێکی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- بابەتییەت: ڕێگەیەکە دوورە لە تێکەڵکردنی هەستی کەسی توێژەر.

٣- سیستماتیک چونکە لەسەر پلانێکی ڕێکخراو دەڕوات.

- گشتگیری: دەتوانرێت لەسەر چەندین بابەتی جۆراوجۆر جێبەجێ بکرێت.

٤- ژمێرەیین: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەبێت بە زاراوەی ژمارەیی بن. ئەمە بەو مانایەیە کە دەرئەنجامەکان دەبێ بە شێوازی ژمارەیی لە شیکاری ناوەڕۆکدا وەربگیرێن.(Mahesh C, & Others, 2011, 24).

٥- شێوازێکە پشت بە دووبارەبوونەوەی هاتنی وشەکان، ڕستە، یاخود ماناکانی ناو لیستەکانی شیکردنەوە دەبەستێت. (ئەبراش، ٢٠١٣، ٣٠٩).

**٤- یەکەکانی توێژینەوە لە شیکاری ناوەڕۆکدا:**

**بێرێلسۆن** یەکەکانی توێژینەوەی لە شیکاری ناوەڕۆکدا دابەش کردووە بۆ پێنج یەکەی سەرەکی :

أ- وشە (Word): بچووکترین یەکەی توێژینەوەیە، تێیدا وشە دەبێتە هێما یاخود چەمک، بەکار دەهێنرێت وەکو یەکەیەکی شیکاری لە دۆخە جیاوازەکاندا لە نێوانیاندا توێژینەوەی چەمکە سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتییەکان (عبیدات وآخرون، ٢٠١٥، ص١٣٧). توێژەر هەڵدەستێت بە دیاریکردنی چەندێتی وشە و دەربڕینی دیاریکراو کە ئاماژەی بیرۆکە، سیاسی، پەروەردەیی، هتد... و ئەندازەی دووبارەبوونەوەی لە پەرێک یاخود چەند پەرێکدا (العساف، ١٩٩٥، ٢٤١).

ب- بابەت (Theme): مەبەستیش لەوە ڕستە یاخود بیرۆکەیەک یاخود تێگەیشتنێکی دیاریکراوی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یاخود ئابووری گرتووەتە خۆ (الدليمي و صالح، ٢٠١٤، ١٦٧).

ج- کارەکتەر (Character): مەبەست لە چوارچێوەیەکی چەندێتی تایبەتمەندی و سیمای دیاریکراوە کە وێنەی کەسێتییەکی دیاریکراو دەردەخات، جا کەسێک، توێژێک، چینێک، کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگاکان بێت (العساف، ١٩٩٥، ٢٤١). ئەم یەکەیە لە توێژینەوەی چیرۆک، ڕۆمان، گێڕانەوە، کتێبی مێژوویی، یاخود کتێبی سەرگوزشتەی ژیانی کەسێک کە دەشێت سیاسی یا مێژوویی یاخود خەیاڵی بێت بەکار دێت

د- مادده (Item): ئەوەیە کە بەیەکەی سروشتی ناودەبرێت کە دەگۆڕێت بە گوێرەی جیاوازی لێکۆڵینەوەکان، دەشێت کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، وتار، چیرۆک، بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، یاخود ستونێک لە ڕۆژنامەیەک بێت (عبیدات وآخرون، ٢٠١٥، ١٣٧).

هـ - پێوانەی مەدا و کات (Space & Time Measurement): لێرەدا توێژەر کار لەسەر چەندێتی ئەو کاتەی یا ژمارەی لاپەڕە یاخود پەرەگراف کە بۆ ماددەی شیکارییکە تەرخانکراوە دەکات (الدليمي و صالح، ٢٠١٤، ١٦٧).

**٥- بوارەکانی بەکارهینانی:**

أ- باوترین بەکارهێنانی شیکاری ناوەڕۆک بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی پەیامەکانە. بۆ نموونە: دەتوانرێت شیکاری بۆ تێگەیشتنێکی دروست لە کتێبی دەرسی، وتار، ڕۆژنامە و گۆڤار بکرێت.

ب- شیکاری ناوەڕۆک هاوکاری توێژەر دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی نێرەری نامە و هۆکارەکانی ناردنی لە ڕێگەی شیکاری دەقەکانی پەیامەکە و دەرئەنجامەکانی (رضوانی، ٢٠١٠، ١٤٢).

ج- بۆ زانینی ڕاستی گوتار، ئایا گوتاری لێتوێژراوە گوزارشت لە واقع دەکات یاخود تەنیا گوتارێکی پروپاگەندە ئامێزە و دوورە لە واقع (ئەبراش، ٢٠١٣، ٣١٤).

د- دەتوانرێت بۆ ئاشنابوون بە ڕوانگەی کۆمەڵگا بەکاربهێنرێت، بۆ یەکێک لە توێژە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ئافرەت، دەستەبژێری سیاسی، ئەمەش لەمیانەی شیکردنەوەی ئەو نووسراوەی لە بارەی ئەو توێژە نووسراون.

هـ- دەکرێت بۆ ئاشنابوون بە ڕوانگەی کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر بەکار بهێنرێت، لە ڕێگەی شیکردنەوەی فیلمەکانیان یاخود نووسراوەکانیان دەربارەی ئەو کۆمەڵگایە، بۆ نموونە ئاشانابوونی چەندین توێژەری عەرەبی بە ڕوانگەی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی بۆ عەرەب یاخود مسوڵمان (ئەبراش، ٢٠١٣، ٣١٥).

و- شیکاری ناوەڕۆک دەتوانرێت وەک بەشێکی دانەبڕاو لە چالاکییەکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فراوانتر هەژمار بکرێت، بۆ نموونە، بۆ کەمکردنەوەی هەڵەکانی چاوپێکەوتنکار، وەڵامە کراوەکان بۆ پرسیارەکانی چاوپێکەوتن زۆرجار دەخرێنە ژێر شیکاری ناوەڕۆک (کرپیندروف، سال پنجم، ٤٨، ٤٩).

ز- دەکرێت بۆ تاوتوێ و شرۆڤەکردنی لایەنەکانی کولتوور و گۆڕانکارییە کولتوورییەکان بەکار بهێنرێت، بۆ نمونە دەکرێ بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی کولتوورێک لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا شیکردنەوەی بۆ بکرێت تا لە بەها گرنگەکانی ئەو سەردەمە تێبگەین (شوانی، ٢٠١٥، ٣٣٨).

ح- دەکرێ ئاشنا بوون تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکانی زەمەنێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا بەکار بهێنرێت، چونکە زۆرجار لە بەرهەمی نووسەرەکان دۆخی سەردەمەکانیان

ڕەنگ دەداتەوە، وە دەکرێت لە ڕیگایەوە شارەزای هەندێ لایەنی شاراوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکانییان بین (رضواني، ٢٠١٠، ١٤٥).

**٦- کۆمەڵگای توێژینەوە:**

بە گویرەی جیاوازی ئاماجەکانی توێژینەوە، کۆمەڵگا یاخود یەکەی توێژینەوە لەم میتۆدەدا جیاوز دەبێت، ئەگەر توێژەر بیەوێت شیکرنەوەی ناوەڕۆک بۆ ڕۆژنامەیەکی دیاریکراو بکات، ئەوا کۆمەڵگای توێژینەوەی تەواوی ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە دەبێت کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا دەرچوون. (زێیاری، ٢٠١٨، ١٠٨). وە دەکرێت کتێبێک یاخود زیاتر بێت، وە دەشێت بەشێک لە کتێبێک بێت، دەکرێت دیوانیکی شیعری بێت. گرنگ ئەوەیە توێژەر بە ڕوونی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کە نموونەی توێژینەوەکەی لێوەردەگرێت دیاری بکات. بۆ نموونە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە: پڕۆگرامی پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە ئوردون لە ساڵی ١٩٩٦. ( الهاشمي، و عطية، ٢٠١٤، ٢٠١) ئاساییە هەندێک جار سنوری کۆمەڵگای توێژینەوە فراوان بێت.

٧- نموونەی توێژینەوە: کاتێک توێژەر نەیتوانی تەواوی یەکەکانی توێژینەوەکە وەربگرێت و توێژینەوەیەکی گشتگیری دەربارە بکات، دەتوانێت نموونە وەربگرێت، واتا بەشێک لە یەکەکانی توێژینەوە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە بکات. چونکە کاتێک نموونەی توێژینەوە نەیتوانی نوێنەرایەتی باشی کۆمەڵگەکە بکات، ئەنجامەکانی بەهایەکیان نابێت. ( الهاشمي، و عطية، ٢٠١٤، ٢٠١)

نموونە لەو توێژینەوانەی ئەم میتۆدەیان تێدا بەکاردێت، دەکرێت هەریەکە لەمانە بێت: (ووشەکان، دستەواژەکان، ڕستەکان، بڕگەکان، باسەکان، بەشەکان، وتارەکان، کتێبەکان، بەڵگەنامەکان، بەرنامەی بینراو و بیستراو، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ژیانامەی سەرکردەکان..هتد) (زێیاری، ٢٠١٨، ١٠٨). بۆ نموونە؛ ئەگەر توێژینەوەیەک هەبێت بە ناونیشانی (ڕەهەندەکانی مرۆڤدۆستی لە پڕۆگرامەکانی پەروەردەی ئیسلامی قۆناغی بنەڕەتی هەرێمی کوردستاندا، پەروەردی ئیسلامی پۆلی هەشتەم بە نموونە). پڕۆگرامەکانی پەروەردەی ئیسلامی قۆناغی بنەڕەتی دەبێت بە کۆمەڵگەی توێژینەوە، لە ناویاندا پرۆگرامی قۆناغی هەشتەم بە نموونە وەردەگریت.

**چوارەم: هەنگاوەکانی ئەنجامدان و خستنەڕووی چەند توێژینەوەک و دەرەنجام و پێشنیازەکان:**

**١- هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک:**

هەر میتۆدێک شێواز و هەنگاوی دیاریکراوی خۆی هەیە، هەر کاتێک توێژەر میتۆدێک بەکار دەهێنێت لە توێژینەوەکەیدا پێویستە ڕەچاوی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ئەو میتۆدە بکات. میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکیش شیواز و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی تایبەت بە خۆی هەیە و پێویستە لە بەکارهێناندا ڕەچاوی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بکرێت، کە لێرەدا بەکورتی دەیانخەینەڕوو:

أ. دیاریکردنی کێشە، یاخود بابەتی توێژینەوە. ( الهاشمي، و عطية، ٢٠١٤، ١٩٥)

ب. دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوە.

ج. هەلبژاردنی نموونەی توێژینەوە.

د. هەڵبژاردنی یەکەی شیکردنەوە (ئەبراش، ٢٠١٨، ٣١٤).

ه. ڕێکخستنی ئامرازی شیکردنەوە: ئەمەشیان مەبەستی دروستکردنی، فۆرمێک یاخود لیستێکە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و زانینی بوون و دووبارەبوونەوەی یەکەکانی شیکردنەوە کە دیاریکراون. ( الهاشمي، و عطية، ٢٠١٤، ٢٢١)

و. پێوانەکردنی چەندایەتی- ژماردن کە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چەندایەتی پێویستە کە بایەخ دەدات بە ژمارەی دووبارەبوونەوەی یەکەکانی شیکردنەوە.

ی. شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی داتاکان، توێژەر ئەو ئامارەکان شیدەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەو گریمانانەی کە توێژەر لە سەرەتای توێژینەوەکەیدا دایناوە. (ئەبراش، ٢٠١٣، ٣١٩).

**٢- خستنەڕووی چەند توێژینەوەیەک کە بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک ئەنجامدراون:**

لێرەدا چەند توێژینەوە وەکوو نمونە کە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکیان بەکارهێناوە دەخەینەڕوو، بە مەبەستی بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنی زیاتر لە چۆنییەتی بەکارهێنانی لە توێژینەوەکاندا. هەروەها رەچاوکردنی بنەما و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی.

أ- توێژینەوەی (برهوم، ٢٠١٢) بە ناونیشانی (المشكلات البيئية المتضمنة في محتوى كتاب الجغرافيا للصف الثامن الأساسي ومستوى اكتساب الطلبة لها) لە فەلەستین ئەنجام دراوە. توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسیدا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو کێشە ژینگەییانە بووە کە پێویستە لە ناوەڕۆکی کتێبی جوگرافیای پۆلی هەشتدا جێگیر بکرێن، هەروەها ئاشکراکردنی ئەوەی کە تا چەند ئەم کێشانە لە پرۆگرامەکانی جوگرافیا لە پارێزگاکانی فەلەستین جێگیرکراون، دواتر پێوانەکردنی تا چەند خوێندکارانی پۆلی هەشتەم لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی مەعریفیەوە کێشەی ژینگەیی بەدەست دەهێنن. کێشەی توێژینەوەکەش لەم پرسیارە سەرەکییەدا دەستنیشانکراوە کە: ئایا ئەو کێشە ژینگەییانەی کە لە ناوەڕۆکی کتێبی جوگرافیادا بۆ پۆلی هەشتەم جێگیرکراون چین؟، و ئاستی بەدەستهێنانی خوێندکاران لێیان چەندە؟ میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە. توێژەر هەڵساوە بە دروستکردنی لیستێک بۆ کێشە ژینگەییەکان کە لە (٣٥) کێشە پێکهاتووە. کۆمەڵگای توێژینەوەکەی پڕۆگرامەکانی پۆلی هەشتەمە و نموونەی توێژینەوەکەشی بریتییە لە کتێبی جوگرافیا.

توێژەر گەیشتووە بەم ئەنجامانە: ناوەڕۆکی کتێبی جوگرافیا بۆ پۆلی هەشتەم لە کۆی (٣٥) کێشەی ژینگەیی (22) کێشەی لەخۆگرتووە، واتە ڕێژەیەک لەسەدا (62%)، ئەو بابەتانەی کە کێشە ژینگەییەکانی پەیوەست بە دانیشتووان لەخۆ گرتبوو، زۆرترین قورساییان لە نێوان کێشەکانی دیکەدا هەبووە بە ڕێژەی (26.9%)، ئاستی بەدەستهێنانی کێشە ژینگەییەکانیان نزمە.

توێژەر ئاماژەی بە چەند ڕاسپاردەیەک کردووە کە گرنگترینیان ئەمانەن: پێویستی جەختکردنەوە لە ناوەڕۆکەکەی لەسەر کێشە ژینگەییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسییەکانی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ. مسۆگەرکردنی پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی لای قوتابیان، لە ڕێگەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی قوتابخانەکانەوە. لەم توێژینەوەیەدا بابەتی توێژینەوەکە کێشە ژینگەییەکانە لە کتێبی جوگرافیای پۆلی هەشتەمدا

ب- توێژینەوەی (الحربي، ٢٠١٥)، بە ناونیشانی (تقويم محتوى منهج الدراسات الاجتماعية والوطنية للصف الاول المتوسطة بالمملكة العربية السعودية في ضوء مشكلات البيئة). ئەم توێژینەوەیە وەسفی شیکارییە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە؛ زانینی بوونی کێشە ژینگەییەکانە لە پێکهاتەی پرۆگرامەکانی بابەتە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکانی پۆلی یەکەمی ناوەندیدا.

لێرەدا توێژەر میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، بۆ دیاریکردنی کێشە ژینگەییەکان کە لە پێکهاتەی پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکانی پۆلی یەکەمی ناوەندیدا. واتا کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتییە لە پرۆگرامەکانی پۆلی یەکەمی ناوەندی.

نموونەی توێژینەوەکەشی بریتییە لە پرۆگرامەکانی بابەتە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکانی وەرزی یەکەم و دووەم، وکتێبەکانی (قوتابی، چالاکی) پۆلی یەکەمی ناوەندی دەردەخات و شی دەکاتەوە.

بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش توێژەر هەڵساوە بە دروستکردنی لیستێک بۆ کێشە ژینگەییەکان کە دابەشی کردووە بۆ (٥) بوار.

لە ئەنجامدا گەیشتووەتە ئەوەی کە لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکاندا کیشە ژینگەییەکانی وەکو؛ پێسبوونی هەوا، پیسبوونی پیشەسازی، سوتانی پاشماوەکان، زریان و خۆڵبارین، بەڵام کێشەکانی پیسبوون بە هۆی ژاوەژاو، دوکەڵی سەیارە، وشکەساڵی، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، و کێشەی چینی ئۆزۆن، پیسبوونی ئاو، کەمی ئاو، سوێری ئاو بوونی نییە. لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە کێشە ژینگەییەکان لە پرۆگرامەکاندا بوونیان هەیە، بەڵام زۆرێک لە کیشەکان بوونیان نییە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی هۆشیاری ژینگەیی قوتابییان داناوە.

توێژەر پێشنیاری بەرەو پێشبردنی ئامانج و پێکهاتەی پرۆگرامەکان بۆ زیاتر گرنگیدان بە کێشە ژینگەییەکان، گرنگیدانی زیاتری پرۆگرامە کۆمەلایەتی و نیشتمانییەکانی پۆلی یەکەمی ناوەندی بە کێشە ژینگەییەکان کردووە. هەروەها پێشنیاری هەڵسەنگاندنی پرۆگرامە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکانی پۆلەکانی دیکە لە بەر ڕۆشنایی کێشە ژینگەییەکان کردووە.

**٣- دەرەنجامی توێژینەوە:**

بەرەنجامی ئەو گەڕان و پشکنینەی لە سەرچاوەکان(کتێب، ئارتیکڵ، گۆڤار، توێژینەوە زانستییەکان)وە وەرمانگرت و خستمانە ڕوو لە دووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم دەرەنجامانە:

أ- شیکاری ناوەڕۆک یەکێکە لە گرنگترین تەکنیکەکانی توێژینەوە کە تایبەتمەندە بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لە زانستی کۆمەڵناسیشدا لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستکراوە بە بەکارهێنانی و گرنگی پێدراوە.

٢- شیکاری ناوەڕۆک شیکارییەکی سیستماتیکی دەقە. دەقەکان لە هەر کام (کتێب، گۆڤار، نامە، کۆبوونەوە، بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، وەرگێڕانی چاوپێکەوتن و نووسینی مەیدانی، فیلمەکان) دا بێت، ئەوەش بە ئامانجی زانینی بوونی بابەتێک بێت، یاخود مەبەستی نووسەر، ڕاستی نوسین و گوتار، یاخود تێگەیشت بێت لە دیدگا و کولتوری نووسراوەکانی گەلێک، بۆ هەڵسەنگاندنی دیدگای کۆمەڵگا بۆ چییێک، یاخود زانینی تایبەتمەندییەکانی زەمەنێکی دیاریکراو بێت.

٣- ئاراستەیەک ئەم میتۆدە وەکو میتۆدێکی چەندێتی سەیری میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک دەکەن، ئەوەش بەرمەبنای ئەوەی کە وەسف دەکات بە شێوازی چەندێتی و زمانی ژمارە بەکار دێت تێیدا.

ئاراستەیەکی دیکە پێی وایە؛ میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک میتۆدیکی چۆنێتییە، شیکاری تێکستەکان و پەیوەندییان لە چوارچێوەی دەقەکاندا دەکات، لەسەر پرسیارەکان دەوەستێت، کە توێژەر هەڵیاندەبژێرێت، بۆیە میتۆدێکی چۆنێتییە. هەروەها بە بڕوای ئێکهارت و ئێرمانیش (1977)، وەک تەکنیکێکی چۆنایەتی، شیکاری ناوەڕۆک بەرەو زانیارییە کەسییەکان وەک هەڵوێست، پاڵنەر، بەهاکان ئاراستە دەکرێت، واتا توێژەر ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی زانیارییەکان.

**٤- پێشنیازەکانی توێژینەوە:**

أ- گرنگیدان بەم میتۆدە وەکو میتۆدەکانی تر لە زانکۆکاندا، ئاشناکردنی بە خوێندکاران بەو میتۆدە و بوارەکانی بەکارهێنانی.

ب- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بەو میتۆدە، لەبەر گرنگییەکەی، بە تایبەت لە لێکۆڵینەوەی دەقەکان و دەرخستنی کەموکوڕی کتێبەکان و بەرەوپێشبردن و چاککردنیان کە گونجاوترین میتۆدە.

ج- ئەنجامدانی زیاتری توێژینەوە بەم میتۆدە لە لایەن توێژەرانی کورد لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان (کۆمەڵناسی، پەروەردە، دەروونناسی، کارگێڕی، ئابوری، ڕاگەیاندن)، چونکە ئەوەی دەبینرێت زۆر کەمتر کاری لەسەر کراوە.

د- وەرگێڕان لە زمانەکانی تری وەکو ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی کە زیاتر لەسەر ئەم میتۆدە نووسیویانە بۆ زمانی کوردی، بۆ کەڵەکە کردنی زانیاری و بەردەستخستنی سەرچاوەی زیاتر لەسەر ئەم میتۆدە بە زمانی کوردی.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

١- ئەبراش، ئیبراهیم. (٢٠١٣): "میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی"، و. ئەبوزێد، دیدار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر/ کوردستان.

٢- ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد (٢٠١٢): ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و. حەسەن، دانا مەلا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، کوردستان.

٣- زێباری، طاهر حەسۆ. (٢٠١٨): "ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا"، و. جەبار، شەهلا وەلی، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤- شوانی، محەممەد. (٢٠١٥): "سەرەتایەک بۆ نووسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا"، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٥- عبدالجواد، ئەحمەد ڕەئفەت. (٢٠٢٠): "بنەماکانی کۆمەڵناسی"، و. توانا فەرەیدون حسێن، چاپخانەی مێخەک.

٦- محمدپور، أحمد. (٢٠١٣): "فەلسەفەی میتۆد لە زانستە مرۆییەکاندا"، و. سەعید کاکی، خانەی بڵاوکردنەوەی موکریانی.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٧- برهوم، وائل منصور احمد. (٢٠١٢). "المشكلات البيئية المتضمنة في محتوى كتاب الجغرافيا للصف الثامن الأساسي ومستوى اكتساب الطلبة لها". الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

٨- بوبحوش، عمار و الذنيبات، محمد محمود. (٢٠٠٧). "مناهج البحث العلمي وطرق إعداد البحوث"، ط٤، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر، ٢٠٠٧.

٩- الحربي، عبدالرحيم نويجح. (٢٠١٥): "تقويم محتوى منهج الدراسات الاجتماعية والوطنية للصف الاول المتوسطة بالمملكة العربية السعودية في ضوء مشكلات البيئة"، المجة العمية لكمية التربية – جامعة اسيوط، المجمد الحادي و الثالثين– العدد الخامس – جزء أول.

١٠- الدليمي، عصام حسن و صالح، علي عبدالرحيم. (٢٠١٤). "البحث العلمي؛ أسسه ومناهجه"، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان.

١١- عبيدات، ذوقان وآخرون. (٢٠١٥): "البحث العلمي؛ مفهومه وأدواته وأساليبه"، ط ١٧، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان.

١٢- العساف، صالح بن حمد. (١٩٩٥): "المدخل الى البحث في العلوم السلوكية"، مكتبة العبيكان، الرياض، سعودية.

١٣- عماد، عبدالغني. (٢٠٠٧). "منهجية البحث في علم الاجتماع"، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.

١٤- الهاشمي، عبدالرحمن، و عطية محسن علي (٢٠١٤). "تحليل مضمون المناهج الدراسية" ، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، عمان.

**سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان:**

١٥- ایمان، محمد تقی و محمودرضا نوشادی. (٢٠١١). "تحلیل محتوای کیفی"، پژوهش، شماره دوم، پاییز و زمستان.

١٦- رضوانی، روح الله. (٢٠١٠). ، "تحلیل محتوی، پژوهش"، سال دوم، شماره اول، بهار و تابستان.

١٧- ضیغمی، رضا و دیگران. (١٣٨٧). "تحلیل محتوا، فصلنامه پرستاری"، دوره بیست و یکم، شماره ٥٣.

١٨- کرپیندروف، کلاوس. (سال پنجم). "تجزیه و تحلیل محتوی"، ترجمه: محمد سعید ذکایی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شماره چهارم.

١٩- محمدی مهر، غلامرضا. (١٣٨٨). "روش تحلیل محتوی،(راهنمای عملی تحقیق)"، ناشر: گنجینه علوم انسانی-دانش نگار، اردیبهشت، شماره ١٣.

**چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

٢٠- Drisko, James w. & Maschi Tina. (2016). "Content Analysis, Oxford University Press, USA.

٢١- Krippendorff, Klaus. (2004). "Content Analysis An Introduction to Its Methodology", Fourth edition, United States of America.

٢٢- Mahesh C, & Others. (2011). "Social Research Methods", Study material, B.A. Sociology, 5 semester, University of Calicut.

الملخّص

يُعتبر المنهج من أهم مبادئ البحث العلمي. إنّ الهدف الرئيسي من هذا البحث هو التعرّف على نوعية المنهج التحليلي للمحتوى وتطبيقه في علم الاجتماع، أي تبيان خصائصه ونطاقات استخدامه وتحديدًا في هذا الدراسة الوصفيّة والتي استخدم الباحثون المنهج التحليلي معها.

خلصت النتيجة إلى أنّ المنهج التحليل للمحتوى من أهمّ تقنيات البحث المستفاد منها في العلوم الاجتماعيّة- وتحديدًا علم الاجتماع.. وبكلام مختلف، هذا المنهج هو: طريقة التحليل المنظّم للنصّ/ للنصوص في أيّ من الكتب والمجلات والرسائل، الإجتماعات والبرامج التلفزيونيّة، نصوص المقابلات والملاحظات الميدانيّة، الأفلام...إلخ.

هناك اتجاهان اثنان لتحديد النوع في هذا المنهج؛ يُعتبر أحدهما طريقة كمّيّة لاتصافه بأسلوب كمي ويستخدم لغة الأرقام. أمّا الاتجاه الآخر فهو الطريقة النوعيّة لكونها تُحلّل سياق النصوص وتتوقف على الأسئلة حولها.

أخيرا، خلص الباحثون إلى التوصيات التالية: 1- يتوجب على الباحثين الأكّراد رفع مستوى الاهتمام بهذا المنهج وتقديمه للطلاب في الجامعات إلى جانب الأساليب الأخرى. 2-إجراء المزيد من الأبحاث حول هذا المنهج واستخدامه في الأبحاث الجديدة.

الكلمات المفتاحيّة: المنهج، المنهج التحليلي للمحتوى، النصّ، علم الاجتماع.

**Abstract**

Method is the most important principle of scientific research. The main objective of this research is to be familiar with the content of analysis method and its application in sociology. showing the characteristics and scopes of use, and also

knowing the type of this method, which is a quality or quantity?. This research is an analytical descriptive qualitative study. To achieve the objectives, the researchers used the analytical descriptive method. As a result, the researchers concluded that; Content analysis is one of the most important research techniques in the social sciences, and sociology as one of these sciences has benefited from it, and it's used by Sociology researchers. The method is a systematic analysis of the text. Texts in any (books, journals, letters, meetings, television programs, transcripts of interviews field notes and films). There are two directions regarding this type of method. One of them regards it as a quantitative method because it describes quantitatively and uses the language of numbers. Another direction believes that The content analysis method is qualitative because it analyzes texts and their relationship within the context of texts, based on questions. Finally, the researchers have made several recommendations: Kurdish researchers should pay more attention to this method and introduce it to students in universities along with other methods. And doing more researches on this method and using new researches by this method.

Keywords: Method, Content Analysis Method, Text, Sociology